# کەرکوک: کێڵگەیەکی بەمین چێنراو

ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

بەحەماس و بایەخێکی زۆرەوە ماوەیەکە دەسەڵاتدارانی تورکیاو لەهەمووان زیاتر سەرۆک وەزیرانەکەی بەپێچەوانەی کارو هەنگاو و لێدوانەکانی دووساڵ لەمەوپێشی، بەلێدوانە زۆرەکانی و هاوکات بەتەقەلاو هەوڵی سیاسی و دیپلۆماسی نێودەوڵەتی و هەرێمی و گۆنگرەو کۆنفرانسی جۆربەجۆر، دڵیان بۆ کەکوک لێداوەو کێرقی ناسونالیستانەیان بەتەواوی جوڵاوە. هەوێنی ئەم لێدوان و هەنگاوانە بریتییەلە: نزیکبوونەوەی وادەی بڕیارلێدراوی ڕاپرسی جەماوەری کەبڕیارە لەکۆتایی ساڵی (2007)دا بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ چارەنووسی کەکوک ئەنجام بدرێت. ئەم خۆ سەغڵەتکردنەی تورکەکان بەهیچ پێوەرێکی لۆژیکی خەمێکی ڕاستەقینە نییە بۆ چارەنووسی کەمینەی تورکمانی شاری کەرکوک، چونکە دەیان ساڵ تورکمانەکان لەلایەن ڕژێمە یەک لەدواییەکانی عێراق و بەعس لەهەموویان زیاتر، لەدەسەلات دورخراونەتەوەو هەموو ئەرک و مافێکی هاووڵاتی بوونی عێراقیان لێی سەنرابۆوە، بەڵام بەدەگمەن نەبێت تورکیا بەقسەش خەمێکی لێی نەخواردوون!! وەلێ مەترسی ڕاستەقینەی تورکیاو ئەردۆغان، ترسە لەئەگەری گەڕانەوەی شاری دەوڵەمەند بەزێڕی ڕەش بۆ سەر باشووری کوردستان.

لەوەتەی تورکیا شلگێرانە هاتۆتە مەسەلەکانی پەیوەست بەکەرکوک، عەرەبەکانی عێراق بە سوننەو شیعەوە، بەدەسەلات و بێی دەسەڵاتیانەوە بێدەنگییەکی کاتیان هەڵبژاردووە، چونکە جارێ تورکیا بەهەنگاو و لێدوانەکانیان خزمەتی ستراتیژو ئامانجەکانی عەرەبەکان دەکات؟! بۆیە نوکە هیچ پێویستیان بەتێکگیران لەگەڵ کورداندا نییە، بەڵام نابێت ئێمەی کورد هەرگیز لەبیرمان بچێت گرفتی ڕاستەقینەمان لەعێراق لەگەڵ عەرب دایە، نەک لەگەڵ کەس و لایەنێکی تر، نابێت هێندە خۆش باوەڕبین کە عەرەبەکان بەئاسانی دەسبەرداری کەکوک ببن!! ئەگەرچی ئێستا بێدەنگییەکی کاتیان لێکردبێت.

بەبڕوای خۆم(( لەوقسەیەشم بەرپرسیارم)) ئەو داخلبوونە ڕاستەوخۆیەی تورکیا لەمەسەلەی کەرکوک و کوردستانی عێراق، پێش هەموو شتێک ئیرادەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەهۆی ململانی دورو درێژی حیزبی و بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی نەتەوەیانە لێی بەرپرسیارن! ئاخر ئەو خۆبەستنەوەیەی یەکێتی و پارتی بەپەیمانێکی نووسراو لەئەنقەرە ساڵێک بەر لەشەڕی ئازادی عێراق بەئاگاداری ئەمریکاو بەریتانیا کەبەتورکیا درا(1*) تا لەکاتی هەڵمەتی سەربازی ئەمریکا و بەریتانیا بوسەر سوپای عێراق هێزی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی نەچنە ناوشاری کەرکوک، بەدڵنیاییەوە هەر ئەوێ ڕۆژێ کەرکوکیان لەدەست دەرهێنایین؟!! بەڵێ کاتێک گۆڕانکارییە مێژووییەکان ڕوودەدەن، بەتایبەت لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕەکان، سەرکردەو ڕێبەرەکان دەووری وەرچەرخێنەر دەبینن، کەبەداخەوە کورد لەدەرفەتە زێرینە ڕەخساوەکانیش وەکو بینیمان نەیتوانیوە وازیکەرێکی ڕاستەقینەی ئەم بوارەبێت؟ ئاخر لەو داش سوارییەی سەرکردایەتی کورد لەسەر تورکیاو هەتا ئەمریکاش لەڕۆژانی بەرایی ڕوخانی بەعس، نەمانتوانی ئەوەی بەکەمتر لە(24) کاتژمێر شەڕی مەیدانی، بەبێی قوربانیدانێکی زۆر بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر کوردستان

بەدەستمان دەکەوت، ڕاستەوخۆ بەدەستی بێنین، کەباشمان دەزانی دواتر بە زیاتر (24) ساڵی شەڕی یاسایی و دەستووری بەدەستمان ناکەوێت .

جیا لەهەموو ئەمانەش تورکیا وەکو هاوسێیەکی گرنگی کوردستانی باشوور، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی دووری سەردەمی خەلافەتی عوسمانی، بەدرێژایی زیاتر لەدەیەیەک هەتا ڕوخانی ڕژێمی بەعس بەتەرخانکردنی خاکەکەی بۆ بنکەی ئەنجەرلیکی سەربازی هاوپەیمانان پارێزەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان بووە لەهەر پەلامارێکی لەناکاوی سوپای بەعس و، دەروازەی نێودەوڵەتی هاتن و چوون و بازرگانی و پەیوەندی و دیپلۆماسی و سەرچاوەی سەرەکی داهات و گومرگ و، دابینکردن و بەخشینی چەک و زۆرجاریش پارەبووە، لەلایەکیش لەگەڵ ئەوەی خۆشکەری ئاگری شەڕی ناوخۆ بووە و بەڵام لەکاتیماندووبوونی هێزەبەشەڕ هاتووەکانیش میانگیربووە. جابەهۆی ئەم هۆکارو فاکتەرانە، بەردەوام میلیتارو سەربازو پیاوانی میت کەدەسەڵاتداری ڕاستەقینەی تورکیان چ بۆ لێدانی گەڕیلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان(p.k.k)، چ بۆ بەهاناوەهاتنی لایەنە بەشەڕ چووەکانی کوردستان لەکاتی شەڕی ناوخۆی (4) ساڵەی پارتی و یەکێتیدا، پێیەکیان لەچیاکان وپێیەکیان لەناو شارەکانی کوردستانی عێڕاق بووە. یان لەڕاستیدا بەهەر ئەگەرو بیانوویەک و لەهەر هەل و مەرجێکدابووبێت لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری (91)ەوە، تورک ئامادەگی ڕاستەقینەی لەکوردستانی عێڕاق هەبووەو لەم ڕێگایەشەوە کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی ئاڕاستەو گۆڕانکارییەکانی ئێرە هەبووە! بۆیە ئەم وڵاتە ئەگەر بە بەهانەی کەرکوکیشەوەنەبێت،( با بۆخوێنەر بەرچاوڕونی بێت و نەکرێتە منەت بەسەر کەرکوکییەکانیش )،کە بەدڵنیاییەوە دەورو کاریگەری لەسەرمان دەبێت، بۆیە ئەستەمە بەو پێگە بێهێزییەی لەدوای شەڕی ئازاد کردنی عێڕاقەوە بەهۆی هەڵەی پەرلەمان و حیزبەکەی ئەردۆغان تووشیان بووە ڕازی بن. ئەگەر لەبەرامبەر ئەمریکاشدا وەکو هێزێکی سەرکی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و عێڕاق لاوازی پێگەی خۆیان قەبووڵ بێت، لەبەرامبەر ئەو بێی منەتییەی سەرکردەکانی کوردستانی عێڕاق و حیزبە کوردییەکان قەبووڵیان نییە و، بەدووری نابینم ڕۆژێک بێت باجی ئەو کورت بینییەی خۆمان بدەینەوە .

ڕاستە سەردەمی داگیرکاری و هێرشی سەربازی تائاستێکی زۆر نەماوە، کە جوڵێنەرو پێکهێنەری مێژووی کۆن و نوێی نەوەکانی تورکیایە، ڕاستیشە بۆ ئەو نەوەیەی ئەردۆغان لەبەر باڵادەستی ئەمریکا و شەقی سەبازە ئەمریکییەکان ڕەنگە نەچێتە سەر! بەڵام ئاستەمیشە ئەم دەوڵەتە دەستبەرداری گەڕانەوەی کەرکوکی پڕ لەنەوت بێت بۆ باوەشی کوردستان، کەهەنگاو و بناغەی دەوڵەتی کوردی دەبێت. ئەوەی لەتێکچونی هاوسەنگی کێشەکان بەبەراورد لەگەڵ چەند ساڵی ڕابردوو و، ئەردۆغان و دەسەڵاتدارانی تورکی هەراسان کردووە، هەرگیز ترس نییە لەنەخشەو پلان و پێگەی بەهێزی کوردی عێڕاق، چونکە تورک باش لەڕەوشی ژیانی پڕ لەتەنگژەی خەڵکی کوردستان بەئاگاییە!! وەلێ ترسی ڕاستەقینەیان لەو بێی بەدیلییە، کەڕەوشی تێکچڕژاوی عێڕاق بەدابەش بوون نەبێت هێور نەبێتەوەو سەرنجام وەکو ئەمرێکی واقع دەوڵەتی سەربەخۆ بەنسیبی کوردەکان ببێت.

باس و خواستی تورکیاو کارو هەنگاوەکانی لەبەرامبەر هەموو مەسەلەیەکی پەیوەست بە شاری کەرکوک، دەرخەری ستراتیژیەتی لێرە بەدوای تورکیا دەبێت، لەدژایەتی کوردستانی عێراق، بەپێچەوانەی ئەو دەنگانەی چەندسالٚ لەمەو بەر لە نەوی نوێی تورکەکان و ئەردۆغانمان بینی. ئەردۆغان کە سەردەمێک هەلٚپەی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپای وڵاتەکەی، بیری لەدوبارە نەکردنەوەی هەلٚەکانی پێش خۆی دەکردەوە، بەداخەوە لەبێی شارەزایی خۆمان و سیاسەتە ڕەگەزپەرستە لەمێژینەکەی تورکان، ئەم خەونەی ئەردۆگان جارێکی تر بۆتەوە بەخەیاڵ.

ئەگەرچی ڕازیبوونی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەسپاردنی چارەنووسی کەرکوک بەمەرەکەبی ڕەشی سەرکاغەزو دواخستنی چەند ساڵەو دواتریش بەئەگەری کارێکی لەمێژوودا نەکراوی لەجۆری قومار، کەخۆی لەڕیفراندۆمی بڕیارلێدراودا دەگرێتەوە، شانسێکی زۆری داوە بەتورکیاو عەرەبەکان، وەلێ ئەگەر ڕێفڕاندۆمی بڕیار لێدراو لەکۆتایی ئەم ساڵە هاتە واری جێ بەجێی بوونەوە، لەبێی بەختی تورکیا زۆرینە کوردەکانی ئەم شارە تەنها لەداخی داگیرکاری و چەوسانەوەو تیرۆرستی عەرەبەکان دەنگ بە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر باشووری کوردستان دەدەن! بەلاٚم دەرەنجام ئەم کردارە لێسەندنەوەی گەلێک لەسەرەداوەکانی ڕاستەوخۆی تورکیا دەبێت لەعێراق و دووریش نییە تا ماوەیەک ئەو وڵاتە زمان درێژە تەنها بەتەماشاچی بمێنێتەوە.

ئەوەی لەم نێوەندو ئەگەرانە سەرکردایەتی سیاسی کورد بیری لێنەکردۆتەوە، یان بیری لێکردۆتەوە بەلاٚم هەنگاوی بەکردەوەی بۆ نەناوە، جیا لەڕازیبوون بەدواخستنی ئاسایی کردنەوەی چەند ساڵە لەو هەلە مێژوویەی بێی دەوڵەتی و بێی سوپایی عێراقدا، لەگەڵیشیدا خراپ داڕێژانی مادده دەستووریەکەی تایبەت بە ئاسایی کردنەوەی ئەو شارەو ناوچەئازادکراوەکانی تری کوردستان، ئاوڕدانەوەو خۆبەخاوەن نەکردنێکی ڕاستەقینە بووە، بۆ ئەو شارە. نازانم ئەگەر کورد خۆی بەخاوەنی کەرکوک دەزانی بە چ پێوەرو لوژیکێک بەدەستی خۆی لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراقدا، شارەکەی تالاٚن دەکردو و دواتریش ئایندەی ئەو شارەی بە چاندنی مینەکانی عەرەب و هاوپەیمانان بەناوی دەستوورەوە دەسپارد؟!! ئاخر ماددەی(58)ی دەستووری کاتی کەدوایی بوو بە(140) لەدەستووری هەمیشەی، ئەگەری جێ بەجێ بوونی لەوڵاتێکی پڕ لەفرت و فێڵ و پڕ لەئاشوب و ئاژاوە، وەکو یارکردن لەناو کێلگەیەکی پڕ لە میندا دێتە بەرچاو، کەبراوەو دۆڕاوی تێدا نەبێت. گرەوی بەدەسخستنی دەنگی عەرب و تورکمانەکان بەو بێی بەرنامەیەی سەرکردایەتیی سیاسی کورد لەکەرکوکدا بەجێی هیناوە، هێندە لاوەزە چاوەڕێی ئاکامێکی باشی لێناکرێت. نازانم ئێمە ئەگەر عەرەبەکان بەداگیرکەر بناسێنین، ئەی چ پاساوێکمان بۆ ئەو هەموو دەنگەی تورکمانەکان بۆ بەرەی تورکمانی بەکرێگیراوی میتی تورکیاهەیە؟ ئایا ئەوە شایستەی ئەوە نەبوو پێداچوونەوەی بۆ کرابا؟!. گەر سەرکردایەتی کورد لەجیاتی تالاٚنی و ململانێی حیزبیانە، لە سێی ساڵی ڕابردوودا، بە نەخشەو پلانێک ئاوڕێکی ڕاستەقینەی لەو شارە بدابایەوە، نەتووشی بازدان بەسەر ئەو هەموو مینە چێنراوەی ئەمڕۆ دەبووین و بەئاسانیش گرەوی ڕاستەقینە خۆبەڕێوەبەری کوردیشمان دەبردەوە. ئاخر ئەم شارە بۆتە شارێکی ناسراوی نێودەوڵەتی و گرەوی نیەت پاکی کورد تەنها لەئەوێ بۆ جیهان بەدەردەکەوت.

لەئەگەری گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر کوردستان، بەو دووره پەریزییەی سەرکردایەتی سیاسی کوردو، بەو کادره حیزبیانەی ئێستای ئەم شاره، ئاستەنگە کەرکوک ئاسوودەیی بەخۆیەوه ببینێ، ئەوەئەگەر لەسایەی دەستوورەوه نەکەوێتە ناو کڵپەی ئاگری پڕوکێنەری عەرەب و تورکەوه، چونکە بۆ نەگبەتی خەڵکی خێر لە خۆنەدیوی کوردی ئەو شاره، لەمێژووی نزیک و دووردا وەکو هەموو شاره داگیرکراوەکانی تری کوردستان کەمتر ئارامی بەخۆوه دیوه. ئاخر پێش ئەوی زێڕی ڕەش لەژێر خاکی کەرکوکدا بدۆزرێتەوه، بەهۆی پێگە بازرگانییەکەی بەشێک بووه لەهاوکێشەی ململانێ خویناوییەکانی فەرمانڕەوایانی مێزۆپۆتامیاو خەلافەتەکانی ئیسلامی و، شەڕوکوشتارێکی زۆر بەرامبەر دانیشتووانەکەی و لەسەر خاکەکەی کراوه. لەگەڵ دۆزینەوەی زێڕی ڕەش( نەوت) یش، لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو، تەنها گرانبەهایی پەترۆڵەکەی لە هاوکێشە ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەبەر چاو گیراوەو دانیشتووانە ڕەسەنە کوردەکانی بەقوربانی بەرژەوەندییە هەمەلایەنەکانی خەڵکی تر کراوه .

2007/1/18

(1*) لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراق هەفتەنامەی میدیا دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ باڵوێزی بەریتانیا لەکەرکوک سازدابوو، ئەم باڵوێزە کە پێشتر باڵوێزی وڵاتەکەی بوو لە ئەنقەرە لەوەڵامی یەکێک لەپرسیارەکان بە ئاشکرا باسی لەڕیکەوتنامەی تورکیاو حیزبە کوردییەکان بە ئاگاداری بەریتانیاو ئەمریکا کردبوو. بەداخەوه ئەو ژمارەیەی میدیام دەست نەکەوتەوەو ناوی خانمی سەفیریشم لەبیر نەماوه.